**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارە/١١**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٢/٨/٣١ز**

**٩/گەلاوێژ/٢٦٩٢ک**

# «بڕیار»

بەپێ ی حوکمەکانی برگە(١) ی مادده(٥٦)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١)سالّی /١٩٩٢....

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لەدانشتنی رۆژی١٩٩٢/٨/٣١دا بڕیاری دا:

یەکەم: لەسەر هەموو وەزاراتەکان و ئەو دەستانەی کەسەر بەهیچ وەزارەتێک نین لەو یاساو بڕیارو پێڕەوو ڕێنەماییانە بکۆڵنەوە کەلەلایەن دەسەلاّتی حکوومەتی ناوەندی یەوە دەرچوونەو ئەوانەیان لێ بژارە بکەن کەلەگەڵ بەرژەوەندی یەکانی گەلی کوردستاندا ناگونجێن وپێش چاو ئەنجوومەنی نیشتمانیی بخرێن تا بڕیار لەسەر ئەوانەیان بدات کەلەناو هەرێمەکەدا بەکاردەهێنرێن.

دووەم :کار بەئەحکامی ئەو یاساو بڕیارو پێڕەوو ڕێنمایانە ناکرێت کەلەلایەن دەسەلاّتی حکوومەتی ناوەندی یەوە دەرچوودن یا لەمەو دوا دەردەچن بەتایبەتیش پاش کشانەوەی ئیدارە حکوومیەکان لە ١٩٩١/١٠/٢٢لەهەرێمی کوردستان مەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیار لەسەر ڕەوایی بەکارهێنانی لەناو هەرێمەکەدا بدات.

سێ یەم:ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەبێ ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکات .

لەرۆژی٣١/ی ئابی سالّی/١٩٩٢ز بەرامبەر بە٩/ی گەلاوێژی ٢٦٩٢ک لەهەولێر نووسراوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**